کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
26-7-2007 18:18بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**کوردستانیانی بێرن لە ئەڵمانیا سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان شەرمەزارکرد**

ئەمڕۆ چوارشەممە 25-7 کاتژمێر 1 ی پاشنیوەڕۆ بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاوی کوردستانیان، سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەرمەزار کرا، بە تایبەتی هێرش بۆ سەر هەڵسوڕاوانی جەماوەری و نووسەر و ڕۆژنامەنووسان و دانی بڕیاری لە سێدارەدان دژ بە " عەدنان حەسەن پوور و هیوا بووتیمار"، نوێنەرانی خۆپیشاندەران نامەی ناڕەزایەتیان پێشکەش بە پەرلەمانی ولایەتی بێرن کرد و بە وردی باسی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان کرد دژ بە گەلی کورد.

ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە بریتی بوون لە هەریەکە لە " حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران،

ناوەندی چاك، کۆمکار، کۆمەڵەی ماك، سەنتەری کوردستان ".

www. chak. be
chak_org@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.